دێرین

ژمارە (8) چوارشەممە 2006/12/20

# پێشمەرگەی دێرین ئازادی حاجی سەعید لەچەند پرسیارێکدا



شەهید حاجی سەراوی

**هێمن سەراوی**

*کاک ئازاد ساڵی چەند پەیوەندیت کرد بە ڕێکخستنەوە؟

* لە ١٩٨٣/٣/٢٣ پەیوەندیم کرد بە کۆمەڵەی شۆڕشگێڕانەوە کە باڵێکی ناو (ی.ن.ك) بو، ئەو کاتە شەهیدی نەمر حاجی سەراوی لێپرسراوم بوو خۆشم سەرپەرشتی چەند شانەیەکی ڕێکخستنم دەکرد.

* لەو ماوەیەدا تووشی هیچ کێشەیەك بووی؟

* ئەو کاتە ئێمە لەتەمەنی گەنجیدا بووین، لەگەڵ شەهیدی نەمر حاجی سەراوی و حامید مەرۆیی و محەمەد ئیبراهیم و عوسمان ئیبراهیم و ئازاد عەبدول ڕەحمان کە ئێستا مامۆستای گوندی سەراوە لە شارباژێر ، پێکەوە لە ڕێکخستندا بووین. شەوێکیان راسپاردراین بۆ هەڵواسینی پۆستەری شەهیدان و دروشمی شۆڕش بەدیواری قوتابخانەی چرا لە ئۆردوگای کەناروێ، لەکاتی ئەنجامدانی چالاکیەکەدا ڕەبابیەی پشتی قوتابخانەکە پێی زانین و عەسکەرو جاش هێرشیان بۆ کردین، ئێمەش تەنها دوو تفەنگمان پێ بوو، بەناچاری رامانکردە ناو ئۆردوگاکەو لەو حەشارگەیەی پێشتر دروستمان کردبوو، خۆمان شاردەوە، ڕژێم دەستیان کرد بە گەڕان چەندین کەسیان لە کەناروێ گرت و دوای دووساڵ ئازادیان کردن، ئەمە بچوکترین نمونەیە کە کردوومانە لەکاتی ڕێکخستندا.

* ئەی چ ساڵێك بوو، چویتە ناو هێزی پێشمەرگەوە؟

* لە ١٩٨٦/٥/٢٠ بووم بە پێشمەرگە، دیارە لەگەڵ هەڤاڵان جەمالی مام عەلی کە ئەوکاتە ئەندامی شانەی سەرەکی بوو، شەهید کاوە سەراوی کە ئەویش پاڵێوراوبوو. هەردوکیان خەڵکی گوندی سەراو بوون چوینە سەرکردایەتی لەناوەندی شۆڕشگێڕان لە (بەرگەڵو) ئەو کاتە مامۆستا عەبدوڵا لێپرسراوی ناوەندی بوو، دوای سێ مانگ لەسەر داوای شۆڕش گوێزراینەوە بۆ تیپی ٣٧ی شارباژێڕ، من و کاك جەمال ڕێکخەری کەرتی شۆڕشگێڕان بووین، ئەوە بوو من چوومە کەرتی ٣٧ی تیپی شارباژێڕ کە ئەو کات مەجیدی حاجی عەلی سەرپەرشتی ئەو کەرتە بوو، هەر لەهەمان تیپ و لەهەمان کەرتدا درێژەم بە خەباتی پێشمەرگایەتیدا، تا ساڵی ٢٠٠٣ یەك ڕۆژ لە خەباتی پێشمەرگایەتی دانەبڕام.

* بەشداری چەند شەڕ و داستانت کردووە؟

شەڕی هەڵەبجە و زینۆی سپی و بەدوایشیدا شەڕی مەڵبەندی (٣) و شەڕی بناری قەندیل واتا قەڵا توکان، داباڵ هەلاج و زۆر شەڕی تریش .

* ئەکرێ باسێکی ئەو شەڕانەمان بۆ بکەی؟

* بەڕاستی ئەو شەرانە باسێکی زۆر هەڵدەگرێت، لەبەر ئەوە هەموو ئەوشەرانەی کە هێزی پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کەلەو سەردەمانەدا دەیکرد زۆر فراوان بوو، لەهەمان کاتدا حاڵەتی خۆشی و ناخۆشی تێدابوو.

ئەتوانی چەند خۆشیەکی ئەو شەڕانەمان پێ بڵێیت؟

خۆشی لەوەدا بوو کە لەلایەن لێپرسراوەکانەوە شوێنێك دائەنرا بۆ گرتن ئەتوانرا لەماوەیەکی کورتدا دەست بەسەر ئەو شوێنەدا بگیرێت و دەستکەوتێکی زۆریش هەبێت و هیچ زیانێکیش نەبێت، تەنانەت چەندین جار نەبریندار نە شەهیدیش نەدەبوو سەرکەوتووش دەبویین.

ناخۆشییەکانیش زۆرن، بۆ نمونە دوانزە ڕەبایە و مقەر سریە، لە زینۆی سپی لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە دەستی بەسەردا گیرابوو، ئێمەش وەك تیپی ٣٧ی شارباژێر راسپێردراین ئەو هێزە بەدل بکەن، دیارە ئێمەش هەرچەندە دوو سەعات ڕێ لەو شوێنەوە دووربووین بەڵام شارەزا نەبوین، بۆیە معاون تیپێك لە هێزەکەی سەرەوە هات بۆلامان پێی وتین: هاتووم ڕێبەریتان بکەم بەڕێنوێنی ئەو معاون تیپە بەڕێکەوتین بەرەو شوێنەکە، ئەوکاتە ئێوارەیەکی ساڵی ١٩٨٨ بوونزیکی یەکەم ڕەبایە بوینەوە و ماوەی ٥٠ مەتر ڕێگا مابوو، دەنگیان داین معاون تیپەکەی کەلەگەڵمان بوو، پێش ئەوەی بێتە خوارێ پێشمەرگەکانی خوێ لەو شوێنە بوو، بۆیە وایزانی کە پێشمەرگەکانی خۆیەتی دەنگمان ئەدا، بێ خەبەر بوو لەوەی کە ئەو شوێنە حکومەتی بەعس گرتبێتیەوەبۆیە معاون تیپەکە هاواری کرد، چییە ئەڵێی نامناسن؟ من ( عەبدولا وەسۆم) معاون تیپەکەی خۆتانم، بەوە باشبوو کە بەڕێکەوت سەربازێکی کورد حەرەس بوو، لەو دەنگە دەنگە هەموو سەربازەکانی ناو ڕەبیەکە بەدەنگ هاتن شەر دروست بوو، ٧ پێشمەرگەمان بریندار بوو، یەکێکیان کاك حەمە هەژار بووکە سەرپەرشتی هێزەکەی دەکرد، لەماوەی ٢٠ دەقیقەدا دەست بەسەر ئەو شوێنەدا گیرایەوە. پاشان بۆ ماوەی ٣ شەو و ڕۆژ پەیتا پەیتا بۆ گرتنەوەی ئەو شوێنەی کە پێشتر دوژمن بەردەوام هێرشی دەکرد، هێزەکەش بەسەرپەرشتی شەهید (محەمەدی حاجی سەعید) بەبێ نان و ئاوبەرگری قارەمانانەیان دەکرد.

لەو شەڕانەدا چەند شەهیدتان هەبوو؟

چوار شەهیدمان هەبوو بەناوی (عومەر ڕەسول، فایەق ئاڵەکی و یەکێکی تر کەخوشکەزای فایەق ئالەکی و یەکێکی تریش ) کە بەداخەوە ناوەکانم بیر نیە، سەرباری ئەمانەش بێ ئاوی و بێ نانی و زۆری شپرزە کردبووین لەهیچ شوێنێکەوە هیچمان پێنەدەگەیشت بەتەواوی توانامان لێ بڕابوو، بڕوابکە پێشمەرگەمان ئەمبوو لەبەر بێ ئاوی میزی خۆی دەخواردەوە ئەویش شەهیدی نەمر (بەکرە بچکۆڵ شاناخسێ) بوو.

* ئەتوانی چەند بیرەوەری و نوکتەیەکی خۆشمان بۆ بگێڕیتەوە؟

* ئەو کاتەی کە لە شاناخسێ بووین پێشمەرگەیەکمان هەبوو بەناوی (ناسری شاکەرەم) نزیکەی ٢٠٠٠ گوێزی کۆ کردبۆوە بە ژمارە لەماڵی حاجی سەراوی دایانابوو، بەیانی و ئێوارە دەهات دەیژماردن، هەموو ڕۆژێك کەمی دەکرد هەتا وای لێهات هیچی تیا نەمابوو، چونکە پێشمەرگە هەمووی خواردبوو؟ جارێکی تر لە زەڵا لای سنوری ئێران بارەگای تیپەکەمان لەوێ بوو وابزانم ١٩٨٨ بوو دوو پێشمەرگەمان بەناوی شەهید(تەحسین گۆمەڵەیی و سەردار شارەزووری ) چەند مریشکێکیان ڕاگرتبوو بۆ خۆیان کە هێلکەکەر بوو هەر هێلکەیان دەکرد و دیار نەدەمان تا وای لێهات هاتنە سەر ئەو رایە کە حەرەسیات لە کولانە مریشکەکان بگرن، بەیانیەکیان زوو هەردووکیان حەرەس بوون لە کولانەکە کەسێکیان بینیبوو لای کولانەکە کە بۆی دەچن سەیر دەکەن شەهیدی نەمر (حەمە دێگەڵەیی) ببوو کە پێشمەرگەیەکی زۆر قۆشمەچی و سوعبەتچی بوو چەند قۆناغە تفەنگێکیان لێدابوو.

* دواپرسیارمان دەربارەی خۆئامادەکردنە بۆ ڕاپەڕین، ئێوە چیتان کرد؟

* ئاشکرایە دارێژەری ڕاپەڕین یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو، نمونەشمان لەسەر ئەوە هەیە ، بە هەشت نۆ مانگ پێش ڕاپەڕین هەڤاڵ مام جەلال کۆبونەوەی بە هەرچوار مەڵبەندەکەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کرد، یەکێك لەو مەڵبەندانە ئێمە بووین لە بلەکێ ، بەڕێز مام جەلال پێی ڕاگەیاندین کە چۆن تا ئێستا ئێوە پشتی ئێمەتان بەرنەداوە هەرئاوا پشتمان بەرمەدەن و هەواڵی خۆشم پێیە بۆتان، پێشی ڕاگەیاندین کە شەش حەوت مانگی‌تر نابات ئەچینەوە شاروشارۆچکەکانی خۆمان ، ئەوە بوو بڕیاری دا کە هێزی پێشمەرگە بکرێت بە سێ بەشەوە لەسەروو ئەمانەشەوە پێی وتین : براپێشمەرگەکان کێ ئەتوانێ لە سنوری خۆیەوە بچێتە خوارەوە با بچێت کێش توانای نییە لەبارەگاکان بمێنێتەوە ، کێش حەز دەکات ئەتوانێت لەناو شارە کوردییەکانی ئێراندا کاسبی بکات .

لێپرسراوی مەڵبەندەکەمان ئەو کاتە قادری حاجی عەلی بوو، بڕیارەکەی هەڤاڵ مام جەلالی جێبەجێکرد و تەشکیلاتی کرد، بەو شێوەیە خۆمان ئامادە کرد و لەو ماوەیەی بەڕێز مام جەلال ئاماژەی پێدابوو، ڕاپەڕین کراو کوردستان ڕزگاری بوو.



ئازاد حاجی سەعید

## لە بیرەوەری پێشمەرگەیەکی دێرینەوە

# ئەو ڕۆژگارەی پۆشینی جل و بەرگی نوێ و کێشانی جگەرەی ڕۆسمان نەنگی بوو

**جەلال دیموکرات**



ڕۆژی ٣ یان ٤ی دووی ساڵی ١٩٨٢ بوو کەبەساڵی بەفرەزۆرەکەی ناوشاری سلێمانی ناسراوە ئێمە چەند هاوڕێیەکی ڕێکخستنی نهێنی ناو شاری سلێمانی بووین بەهۆی گیرانی هاوڕێیەکمانەوە کە هەندێك بەڵگەی ڕێکخستنی پێگیرابوو. ترسی ئەوەمان لێنیشتبو کە ئەو هاوڕێیەمان لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە و ئازاردانەوە ناوی هەندێکمان بڵێت و ئێمەش بگیرێین، هەر بۆیەش ژمارەمان لە نێوان ٨ تا ١٠ کەس ئەبوو کە شارمان جێهێشت و چوینە ناو هێزی پێشمەرگە .

لەکاتی چونە دەرەوەماندا لە بەرەبەیانێکی زووی ئەو شەوەدا لەگەڵ کارێزە وشك بەهۆی کەسێکی شارەزاوە کە بەماوەی چەند مەترێك پێش ئێمە کەوتبوو بۆ ڕێگا تاقی کردنەوە لە سەر جادەی شەستی‌یەکە ئێستا پێی دەڵێن جادەی مەلیك محمود دەلیل بوو، ڕێگای تاقی ئەکردەوە نەبادا سەیارە شۆفرلێتەکەی قوات خاسەکانی ملازم محسن لەسەر جادەکە بن و لەکاتی پەڕینەوەی ئێمەدا ئەوان بمان بینن و بمانکوژن، یان بمانگرن، بەهەر حاڵ بەرەبەیانی ئەو شەوە کە تا ئەژنۆمان بەفرهاتبوو لە جادە شەستی‌یەکە پەڕینەوە، ئینجا ئاهێکمان پیاهات کەلەکاتی پەڕینەوەدا تووشی مەترسی نەهاتین بەڵام تا جادە شەستیەکەمان لێدیاربوو هەر ئەترساین، بەڵام دوای ڕۆشتنێکی زۆر بەدۆڵە رووتدا و تێپەڕاندنی چەند گوندێك کە ئێستا ناویانم لەبیرنەماوە، بۆ نیوەڕۆیەکی درەنگ گەیشتینە دێیەك کە پێیان ئەوت (قوڵقوڵە) تا ڕادەیەك ئەو دێیە دور بوو لەشارەوە، ڕێگاکانی ئەو ڕێگەیە هەر بەفر بوو سەیارە نەیئەتوانی پێیدا بڕوات، ئینجا توانیمان بێترس لەو دێیە پشوو بدەین و نان بخۆین لەژیانماندا بەقەد ئەو ڕۆژە نەڕۆشتبوین و ماندوو نەبببوین، چونکە ئێمە دانیشتوی شارو دوکاندار و فەرمانبەر بووین ، عەسری ئەو ڕۆژە مەفرەزەیەکی پێشمەرگە هاتنە ئەو دێیە بۆ تاقیبی ئێمە تا بزانن ئێمە چین؟ بۆ چی هاتوین؟ و بۆ کوێ دەچین، لێپرسراوی مەفرەزەکە (عومەر چاوشین کارێزکلاوی) بوو، کەبە (عومەرە بچکۆلیش ) ناویان دەبرد کوڕێکی ئازاو چاونەترس بوو زۆر هۆشیارو تێگەیشتوو دڵسۆزیش بوو، پاش ئەوەی کە زانی ئێمە کەسانێکی ڕێکخستنی ناو شارین و نیازمان وایە بەرەو سەرکردایەتی (ی.ن.ك)و شۆڕش بچین بۆ ئەوەی ببین بە پێشمەرگە، ئینجا ئێمە و ئەوان کەوتینە ماچ و موچ و قسەی خۆش و نیشانە نانەوە بەچەکی ئەوان، یەکێك لە ئێمە دەولەمەند بوو پارەی چاکی لەگەڵ خۆی هێنابوو، هەر ئەو عەسرە نازانم بزن بوو یان مەڕ کری و یەکێك لەماڵەکانی ئەو دێیە بۆ ئێوارە بۆی لێنابن بە برنجەوە خواردمان بە ڕاستی تامی زۆر خۆش بوو چونکە زۆر ماندووی ڕێگاو برسی بووین. شەو لەو ماڵە لەگەڵ ئەو مەفرەزە پێشمەرگەیەدا دانیشتین و قسەی خۆش و نوکتە باسی سیاسەت و کلاو کلاوێنە و چا خواردنەوە خەریك بووین، یەکێك لەناو ئەو پێشمەرگانە کادر بوو بە ناوی (مامۆستا عوسمان) نازانم ناوی نهێنی بوو یان ناوی خۆی بو، ئێمە جگەرەی سۆمەرمان ئەکێشا لەبەر ئەوەی ڕۆسمەن گران بوو، بە جگەرەی بورجووازییەکان ناومان ئەبرد، هەربۆیەش کەسێ لە ئێمە لەناو شاریش پاکەتی ڕۆسمەنی بکێشایە ئێمەی مارکسی ڕەخنەمان لێدەگرت و ئەمان ووت چۆن تۆ جگەرەی ڕۆسمەن ئەکێشیت کەسێك ئەگەر بیویستایە جگەرەی ڕۆسمەن بکێشێت ئەبوایە بەدزییەوە بەجیا لە ئێمە بیکێشایە. ئەگینا بەر شاڵاوی لۆمە و ڕەخنەی ئێمە ئەکەوت هەتا ئەبوایە لە جل و بەرگ و پێڵاویشدا گرانبەهامان نەکڕیایە و ئەمان ووت ئەو پارە زیادەیە کە ئەیدەین بە و جل و بەرگ و پڵاوو جگەرە و بیدەین بە کۆمەڵەو شۆڕشەکەمان بۆ ئەوەی ئەویش بیدات بە فیشەك و سیلاح و خواردن و دەرمان و ماڵە شەهید و گیراوەکانی ئەو شۆڕشە کە (ی.ن.ك) سەرکردایەتی ئەکات.

ئینجا با بێینەوە سەر ئەو شەوەی دێی (قوڵقوڵە)، ئەو کادرە فەقیرە پاکەتێکی ڕۆسمەنی پێبوو دیاربوو لەبەر ئێمە لەڕووی نەئەهات کە دەری بێنێ و بیکێشێ، هەر بۆیەش زۆرتامەزرۆی جگەرەیەك بوو بۆیە دواجار دانی بەجەرگی خۆیا ناو پاکەتەکەی دەرهێنا و دوای ئەوەی پاکەتەکەی بۆ ئێمە ڕاگرت کە جگەرەی لێدەربهێنین، بەڵام ئێمە وەرمان نەگرت، هەر بۆیە ئەویش زۆر بەخۆیدا شکایەوە و زۆر بەداوای لێبوردنەوە وتی: (بەڕاستی هەموو خۆشی ژیانێکی من لەم شاخ و داخەدا و لەم چۆڵەوانیەدا و لەم ژیانی پێشمەرگایەتیەدا هاتۆتە سە رکێشانی ئەم جگەرە ڕۆسمەنە) بۆیە هەرچەندە ڕەخنەش لەخۆم دەگرم کە ئەم پاکەتە ڕۆسمەنە ئەخۆم بەڵام بەدەست خۆم نیە و پاکەتەکانی ترم بۆ ناخورێت و ناشتوانم تەرکی جگەرە بکەم.

بەڵا لەساڵەکانی حەفتاکان و هەشتاکاندا لەسەر ئاستی ڕێکخستنەکان و لەسەر ئاستی پێشمەرگەکانی کۆمەڵەدا ئەم ڕەفتارە هەبووە و پەیڕەوی لێکراوە خۆمان رابێنین کە ژیانێکی هەژارانە و دور لە فەنتازیات بژین، هەربۆیەش تا ئەو ڕادەیەی ئەو مامۆستا کادرە بۆ جگەرەیەکی ڕۆسمەن زۆر ڕەخنەی لە خۆی گرت بۆ کێشانی، ئەمە ئاکارو ڕەفتاری زۆربەی پێشمەرگە و بەرپرسەکانی یەکێتی جاران بوو، ئەوەی مایەی نیگەرانی و سەرسورمان و پرسیار و گومانی منە ئەمەیە ئەو مامۆستایە کە نازانم ئێستا چییە و لەکوێیە و ئایا ماوە یان نا؟ بۆ پاکەتێکی ڕۆسمەن ئاوا ڕەخنەی لە خۆی گرت!! بەڵام ئێستا سەرکردەکانی دوێنێمان بەرپرسەکانی کۆمەڵەی شاخمان بەدەیان قەڵاو دوکان و قەیسەری و ئۆتۆمبێل و کۆمپانیا و پارچە زەوی و دەفتەرە دۆلاریان هەیە بەبێ ئەوەی داوای لێبوردنیش لەو میللەتە بکەن.